حکومەتی عێراق 70 ملیار دینار بۆ بەرەوەچوونی هەڵبژاردنی هەرێم تەرخان کرد

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە کبوونەوەی ئەمڕیدا، بڕیاری دا بەخەرجکردنی زیاتر لە 70 ملیار دینار بۆ بەرەوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و رووبەووبوونەوەی وشکەساڵی و لافاو لە هەرێم.

ئەمڕۆ سێشەمە، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەسەرکایەتی محەمەد شیاع سودانی کبوونەوە و تێیدا بڕیاری دا بەتەرخانکردنی بڕی 43 ملیار و 769 ملیۆن و 149 هەزار دینار لە چوارچێوەی بودجەی کەمسیۆن، دەستاتی خەرجکردنی پارێکشی دایە کەمسیۆنی هەڵبژاردنەکان.

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق هەروەها بڕیار دا بە گواستنەوەی بڕی 25 ملیار و 460 ملیۆن و 851 هەزار دینار لە بودجەی فریاگوزاری هەرێم بۆ سەر هێزماری بودجەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان..

ئەنجومەنی وەزیران دەستاتیشیدایە کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، تا ئەو پارێیە بۆ مەبەستی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان خەرج بکات، کە بڕیارە 25ی شوباتی داهاتوو بەڕێوەبچێت.

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، هەروەها زیاتر لە پێنج ملیار و 562 ملیۆن دیناریشی بۆ رووبەووبوونەوەی لافاو لە هەرێمی کوردستان تەرخان کرد.